# ئيمان هێنان بەرۆژی دوایی

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی : عبد الله سابیر گەرمیانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# ( الإيمان باليوم الآخر )

« باللغة الكوردية »

إعداد : عبد الله صابر كرمياني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ئیمان هێنان بەرۆژی دوایی

پێناسەی رۆژی دوایی:

ئیمان هێنان بەرۆژی دوایی یەکێکە لەپایەکانی ئیمان،وەدەقەکانی قورئان وسوننەت بەڵگەن لەسەر سەرکەوتووی ئەو کەسەی ئیمانی پێیەو و کاری بۆ دەکات ، وەکافر بوونی ئەو کەسەی ئیمانی پێی نییە.

خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ } (البقرة: له الآية١٧٧ ) .

واتە: بەڵکو کرداری چاك و کاری باش بریتیەلەوەی کەئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بەخواو بەڕۆژی دوایی و بەفریشتەکان و بەکتێبەکان و بەپێغەمبەران،.

هەروەها دەفەرموێت:{ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالا بَعِيداً} (النساء: له الآية١٣٦).

واتە: جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بەخواو فریشتەکانی و بەکتێبەکانی و بەپێغەمبەرانی و بەرۆژی دوایی، ئەوەبەڕاستی گومرابووەبەئەوپەڕی گومڕایی.

وە ئیمان هێنان بەڕۆژی دوایی‌بریتیەلەئیمان هێنان بەو رۆژەی کەتیایدا هەموو زیندەوەران زیندوو دەکرێنەوەبۆ گۆڕەپانی مەحشەر کۆدەکرێنەوەو حەق و حیسابیان لەگەلدا دەکرێت ئەوەی باش بووە لەمرۆڤەکان بۆ بەهەشت، وەئەوەی خراپ بووەبۆ دۆزەخ دەچێت .

جا ئیمان هێنان بەرۆژی دوایی چەند شتێك دەگرێتەوە، لەوانە:

یەکەم : ئیمان هێنان بەزیندووبوونەوەی مرۆڤەکان لەدوای لەناوچوونی دونیاو مردنی سەرجەم دروستکراوەکان .

ئەمەش حەقیقەتێکەو نکۆلی لەراستیەکەی ناکرێ . خوای گەورەدەفەرموێت: { أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ } (المؤمنون/١١٥) .

واتە: ئەی کافران ئێوەهەروا ئەزانن کەئێمەهەر بەبێ هۆ و مەبەست ئێوەمان دروست کردووەوەناگەرێنەوەبۆلامان ؟ !!

وەدەفەرمەێت: { يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ } (الأنبياء/١٠٤) .

واتە: وەك چۆن یەکەم جار دروستمان کردن ئەوا دیسان دروستیان دەکەینەوەبەڵێنمان داوەبەدڵنیایەوەئەمەبەکردەوەئەنجامی بدەین .

وەهەروەها دەفەرموێت: { ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ لَمَيِّتُونَ ، ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ } (المؤمنون/١٥ـ١٦) .

واتە: ئێوەلەدوای دروست بوونتان بەبێ گومان دەمرن . پاشان لەرۆژی دوایی دا زیندوو دەکرێنەوە.

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت :(( يحشر الناس يوم القيامەحفاة ....)) واتە: خەڵکی حەشر دەکرێن لەرۆژی دوایی بەپێ خواسی ، وەبەبێ خەتەنەکراوی .

دووەم : ئیمان هێنان بەحیساب لەگەڵدا کردن و پاداشت دانەوە( الحساب والجزاء ) .

واتە: ئیمان هێنان بەوەی خوای گەورە، حەق و حیساب لەگەڵ بەندەدەکات ئینجا پاداشت دەدرێتەوەبەگوێرەی کردەوەکانی .

ئەمەش سەلمیندراوەبەقورئان و سوننەت وکۆرای موسڵمانان .

خوای گەورەدەفەرمویت: { إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ ، ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُمْ } (الغاشية:٢٥/٢٦).

واتە: بەدڵنیایەوەگەڕانەوەیان بۆلای ئێمەیەپاشان لەسەر ئێمەیەحیساب کردن لەگەڵیان . هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمووێت :(( لا تزول قدما عبد حتى يسئل عن عمره فيما أفناه ؟ وعن علمه فيم فعل ؟ وعن ماله من أين اكتسبه وفيم أنفقه ؟ وعن جسمه فيم أبلاه )) .

واتە: لەڕۆژی مەحشەر بەندەقاچی ناجوڵێنێ و ناڕوات بۆ هیچ لایەك هەتا پرسیاری لێ دەکرێت دەربارەی تەمەنی لەچی دا بردیەسەر ؟ وەلەزانستی لەپێناو چی و بۆچ شتێك بووە؟ وەلەماڵ و سەروەتی لەکوێ دەستی کەوتووەوەلەچی دا سەرفی کردووە. هەروەها لەچی دا بەکاری هێنا .

سێ یەم : ئیمان هێنان بەبەهەشت و دۆزەخ ( الايمان بالجنة والنار ) .

واتە: دەبێ ئیمانمان هەبێ کەوا خوای گەورەبەهەشت و دۆزەخی داناوەبۆ مرۆڤەکان وەك پاداشت و سزا بۆیان .

هەردووکیان خوای گەورەدروستی کردوون بۆ ئەوەی ببن بەشوێنی هەتا هەتایی مرۆڤ ، بەهەشت کەخانەخۆشی و شادی و رابواردن و رەزامەندی خوایەبۆ چاکەکاران، وەدۆزەخیش کەخانەی ناخۆشی و ئێش و ئازارو سزادان و تورەیی خوایەبۆ خراپەکاران . بوونی راستەقینەی بەهەشت و دۆزوخیش دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆری ئایەتەکانی قورئان بەڵگەیەلەسەری چ ڕاستەوخۆ وەچ ناڕاستەوخۆ .

خوای گەورەدەفەرموێت: { إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا } (الكهف/١٠٧) .

واتە: ئەوانەی ئیمانیان هێناوەبەکردەوەی چاکەسەلماندیان ، ئەوا بەهەشت وەك شوێنی میوانداریەتی بۆ هەتا هەتای ئامادەکراوەبۆیان .

هەروەها دەفەرموێت : { وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ } ( البقرة /٢٤) .

واتە: خۆتان بپارێزن لەو دۆزەخەی کەسوتەمەنیەکی بریتی یەلەخەڵکی و بەرد ، ئامادەکراوەبۆ کافرەکان .

وەچەندان بەڵگەی تر .

بەگشتی دەبێ ئیمانمان هەبێ کەڕۆژێك دێت هەموو گەردوون لەناو دەچێت بەئیزنی خوداو سەر لەنوێ زیندەوەران زیندوو دەکرێنەوەبۆ حەق و حیساب .

وەئیمان بهێنین بەهەموو ئەوەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەربارەی ئەم بنچینەیەپێ ڕاگەیباندووین .

هەروەها ئیمان هێنان بەو شتانەی پەیوەندی بەمەسەلەی قیامەت هەیە، وەك میزان و صراط وتاقی کردنەوەی ناو قەبر و عەزاب و خۆشی ناو قەبر .

سەرچاوەکان:

١- بيان اركان الايمان، عبدالله صالح القصير، لاپەڕە: ٥٦ .

٢- ئیمان لەلای ئەهلی سوننەوجەماعە، الياس محمد، لاپەڕە: ١٩و٢٠ .